# دواین وشەی
# نوسراوی سەر وێنەکەتم

زاناسامان/2006

ئاسودەیی ئەودەمانەی، پێکەوە
بەنێو یەکدیدا دەگوزەراین
چیان لێهاتن
بۆکوێوەچوون
ئەو وشانەی کۆتاییان
لەئەزەلەوە مەحالبوو،
ئێستا..
لەسەرەتای کامە شیعردا
بوونەتە خوناوی پێنوس،
ژیان واتێدەپەڕێت..؟!
منیش هەور ئالودەی مەراق، تەنیایی..
لەتاریکایی شەوێکدا وونی کردووم
تیشکی نیگاکانی ئێمە
وەرزێکە یاخوود سالأنێك
نەبوونەتە..
تریفەی روناکی دیتنێك،
لەفەلسەفەی روانیندا، ستایشی
کام تێفکلاینەوە بکەم
تاکەمێك
لەستایلی رووتم نیشاندات،

بەئاسمانی سەبووریدا فڕەم دێت
بۆ ئەوەی تۆش..قارەمانی
دواین خەونم بیت
برۆ..
بەفریای ئەومەلانە بکەوە
بەرلەوەی کۆچ دەستپێبکەن
خەمی فرین
بەدیواری رۆحیانەوە نوسابوو..!!
لەدار سەر سپیەکەی تەمەنو
رووبارە پیرەکەی عەشق بپرسە
ئەوشەوەی بەیەکجاری
لەبەرچاو ونبووم
کێ دەیبردمەوە بۆلای خۆم..؟؟
بەپۆستەبای رۆحی تۆدا
لەحاشیەی چ ئاواتێکدا
ترست لەلۆمەی گوڵ هەبوو
ئالەو شوێنەوە..بپرسە
یاخوود برۆ
بەدووی قەدەردا بگەڕێ
تائێوارەیەك دوای بینین،
پێت بڵێت:
لەنوکی پێنوس بپرسە
ئازاری کام شیعرماوە
خۆڵەمێشی سوتانێکی تێدا نەبێت
دەنگی هارەی کام شکاندن، دەچێتەوە
سەر ووردوخاشبوونی شووشە
تابستێك لەپشت گەورەبوونەوە
لەسەر گوزەشتەی مناڵیمان.. بڕوانین.
واتتێدەپەڕێت ژیان
لەسێبەری باڵەخانەی وەفا بپرسە
ترپەی دڵی چ عاشقێك

لەنێو تەنیایدا لێیداو
زەردەخەنەی تێنەگەیشتن
لەدایكبوو،
لەو ڕێبوارانە، بپرسە
باخەلچین
پڕنهێنی سەفەرەو
دەیانەوێت
بەنێو دووانەی
خەونەكانی مندا گەزەركەن
تالەنێو باخچەی خەیاڵدا
چێژ لەمزری
بەرسیلە خەونەكانم
وەربگرن،
لەو جێ پێیانە بپرسە
كەخوورەی هیچ باراناوێك
بەشەقامی شەوانی مندا
نەیسڕینەوە،
تاكەمێك نزیك بیتەوە لێم
بۆنی هەناسەی بولبولێك
بەسەرتا بپژێ
(با)ی باوەشێنی نێرگزێك
شنە بەپرچت بكات،
تكایە..
لەسەر هەڵمی پەنجەرەكان
بۆكاڵبوونەوەی
ئەویادگاریانە بگەرێ
زستانێك..
تائەوپەڕی بارین
چلورەی هیچ حەزێك
بەكەناریەوە نەیدەبەست،
ژیان لەتێپەڕیندایە
برۆ بەدووی..

**ئۆقیانوسی نوێبوونەوەدا بگەڕێ**
**لەشەپۆلی دەریاکان بپرسە**
**چ نهێنیەك**
**لەچاوی ماسیدا هەیە..؟؟**
**لەونەهەنگانە بپرسە**
**خوێنی میان پێ حەلاڵە**
**ژیان لە ئاودا**
**دەتباتەوە بۆ بێگەردی**
**یان هێندەی تر**
**غەرقی گوناهباریت دەکات،**
**لەنێو گۆرانیە حەزینەکاندا**
**بەسەر پشتی گەڵایەکدا**
**چەند ووشەیەکی ڕەشپۆشم**
**بۆ ڕەوانەبکە**
**تاڵە ئێوارەیەکی غەمگیندا**
**بیانکەمە..**
**هاورێی پیاسەکانی**
**تەنیایی خواوەندێك،**
**بڕۆرە نێو**
**خەونی منالچەکانەوەو**
**پێیان بڵێ:**
**گەورە مەبن**
**گەورەبوون پڕە لەمەراق**
**لەجودایو درۆو کوشتنو ئازاردان**
**فێریان بکە..**
**هەرگیز بەدار سنەوبەردا**
**هەڵنەزنێن**
**نەك هێلانەی**
**(کوکوختیەك) بەردەنەوەو**
**گەلە گورگێك**
**بێچووەکانیان لەناوببەن،**
**ژیان وا تێدەپەڕێت..**

تاچیتر لەچاوەڕوانیتدا
نەدەم لەشەقەی باڵ
بەنێو عومری سەرگەردانێکدا
وەرەوە بۆلام،
لەوەتەی تۆ..
دووریت کردۆتە
دواستایلی خۆت
هەمیشە گڤەم دێت
لە(با)داو
لوورەم دێت لەگەردەلوولدا،
هێندەی باڵی پەپولویەك
تەنك بوومەتەوە
چیتر بەرگەی
ئەو هەموو عەزابە ناگرم،
بۆر..
لەسینەی سەدەف بپرسە
لەچاوی بازدا
یاقووتی چ ئەوینێك
لەئاودا دەبینێت،
ژیان وا تێدەپەڕێت
وەرەو پێکەوە
لەسەور بڵندی چیایەك
پێکەوە بڵێین:
داکە ئەی هەوەر
ببارێ ئەی باران
ئاخر ئێمە...........لەمێژە لێك دوورین
عەیامێکە.............لێك دەگەڕێین
تکایە
تەرمان بکەرەوە لەخۆت
تابەدێراوەکانی زەمەندا
دەچینەوە نێو یەکەمین
پێکگەیشتن و

دەبینەوە

بەختوورەی سەفەرخوانێك،

چونکە دڵنیام..دەزانم

گەر لەتەنیایی خۆمەوە

هاوار نەکەم

ئەرێ یارەکەی دێرینم

تەماشای پشتی

دواین وێنەی

ئەلبومەکەی بەردەستت بکە

دڵنیابە..

ئالەوێدا

بەبێدەنگی دەمدۆزیەوەو

چیدی بۆساتێك تێگەیشتن

لەئێوارەی هیچ حەزێکدا

ناگەڕێیت

بۆ

شادبوونەوە..؟!

ئەم دەقە شیعریە/ رێکەوتی 2006/12/28 لە ئەدەبو هونەری کوردستانی نوێ بلاّوکراوەتەوە

بەلاّم ئێستا دەستکاری کلێشەی نوسینەکەیم کردووە.